# کەسایەتی مرۆڤی بڕوادار، وەك ئایینی ئیسلام، دای دەڕێژێت

## بەشی یەکەم

بەرایی: گەرچی بەم(شەممە)یەوە، خواحەزکات تەنها(شەممە)یەکی دیکەمان لەرەمەزانی ئەمساڵمان ماوە و ماڵئاوییمان لێدەکات و زۆربەی ئێمەیش، دوای خواحافیزییەکەی، ئەگەر تەمەن مەودا بدات، دەکەوینەوە نێو هەمبانە ئاخنین و هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکانمان، کە بەدەم گریان و نزاوە رۆژانە و ئێواران و شەوان، دابوومان بەخوای گەورە، بەڵام لەبەرئەوەی لاپەڕەکەی من بەزۆری لایەنە ئایینیەکەی تیارەچاودەکەم، پێم خۆشە لەرێگەی ئەم لاپەڕەیەوە، لەژێر رۆشنایی ئەو ناونیشانەدا، چەند بابەتێکتان پێشکەش بکەم، کەخۆی لەبنەرەتدا، سوودێکی زۆرم کردووە، لەنامیلکەیەکی عەرەبی، کەبەدەستکاریی و توێژینەوەیەکی زۆری خۆمەوە، پێشکەشتانی دەکەم(1).

پێشەکی:

نووسەرلەپێشەکی نامیلکەکەیدا، دەڵێ: دوای ئەوەی تێبینی ئەوەم کرد، بڕواداران بەشێوەیەکی گشتی، لەئاکار و کردەوەکانیاندا، زیادەڕەوییان هەیە و لەلایەك بەناخی زەویدا و لەلایەکی دیکەیشەوە بەئاسماندا دەچن، بەپێویستم زانی ئەم بابەتە بنووسم، چونکە ئەوەتا ئێمە بەچاوی خۆمان دەبینین، کەسانێکی زۆرمان هەن، کە دەچن بایەخ دەدەن بەهەندێك شت و هەندێکی دی بێ بەهادەکەن، وەك ئەوەی دەبینیت زۆرێك لەنوێژ خوێنەکانمان، بایەخ دەدەن بەنوێژکردن لەریزی پێشەوەی جەماعەت، بەڵام بایەخ بەو بۆنەناخۆشانە نادەن، کە لە دەم و دان و بن باڵ و گیانیانەوە دێن و خەڵکی بێزاردەکەن!. یان هەندێکیان دەبینین زۆر بەخۆبەکەم زانین و مل کەچییەوە نوێژەکانیان دەکەن، بەڵام لەبەسەرکردنەوەی هەژاران وخزمە کانیاندا زۆر کەمتەرخەمن!. یان دەبینی بایەخێکی زۆر دەدەن بەپەرستش و وێڵ بوون بەشوێن زانستدا، لەهەمان کاتدا پەروەردەکردنی منداڵەکانی خۆیان، بەشێوەیەکی ئەوتۆو بەرچاو فەرامۆش کردووە، کە ئاگایان لەخوێندن و خوێندنەوە و هاوڕێ و یارەکانیان نییە. یان لەکاتێکدا، کەبایەخێکی زۆر دەدەن بەمنداڵەکانی خۆیان، زۆر بەبێ قەدری لەدایك وباوکی خۆیان دەڕوانن و زۆر بەتوندی رەفتاریان لەگەڵ دەکەن. یاخود زۆرباش دەبن لەگەڵ دایك وباوکیان، بەڵام زۆر بەبێ قەدری و فەراموۆشکردنەوە مامەڵە لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەکەن و هەڵسوکەوتێکی توندی زۆر بەرچاویان دەبێت لەگەڵیاندا. یاخود زۆر بەباشی مامەڵە لەگەڵ خێزان ومنداڵەکانیان دەکەن، لەهەمان کاتدا، زۆربەخراپی لەگەڵ دراوسێکانیاندا رەفتار دەکەن. یاخود ئەوشتانەی، کەپەیوەندی بەخۆیەوە هەیە زۆر بەبایەخەوە وەریان دەگرێت، بەڵام لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا، کەمتەرخەمیەکی زۆردەکات و هیچ بایەخێك بە کاروباری موسڵمانان دەدات. یاخود کەسایەتییەکی ئایین پەروەر و باشە، بەڵام زۆر کەمتەرخەمە لەئاست ئادابی ئیسلامی، لەخواردن و خواردنەوە و دانیشتن و هەڵسو کەوتی لەگەڵ خەڵکیدا.ئەوەی جێگەی سەرنجە بەلای منەوە ئەوەیە، کەزۆرێك لەوانەی، ئەوهارەفتاردەکەن، ئەوانەن کە بەکار وباری بانگگ کردن بۆخوا و دەرس گوتنەوەوە سەرقاڵن، هەرلێرەوە، بەپێویستی دەزانم بچینە خزمەت ئەو دەقەپیرۆزانەی قورئان وفەرمووده، کە کەسایەتی تاکی بڕوادار، دادەڕێژن و لە نۆبەشی سەرەکیدا جێیان دەبێتەوە:

پەیوەندی مرۆڤی بڕوادار بە خواوە. 2- پەیوەندی مرۆڤی بڕوادار بە خۆیەوە.3 - پەیوەندی مرۆڤی بڕوادار بەدایك و باوكیەوە. 4- پەیوەندی مرۆڤی بڕوادار بە هاوسەرەكەیەوە. 5- پەیوەندی مرۆڤی بڕوادار بەمندالّەكانیەوە. 6- پەیوەندی مرۆڤی بڕوادار بە خزمەكانیەوە. 7- پەیوەندی مرۆڤی بڕوادار بە دراوسێكانیەوە. 8- پەیوەندی مرۆڤی بڕوادار بەبراوبرادەرەكانیەوە. 9- پەیوەندی مرۆڤی بڕوادار بە كۆڕ و كۆمەڵەوە.

یەكەم: پەیوەندی مرۆڤی بڕوادار بە خواوە

لەبەدوودا چوونی، پەیوەندییەكانی مرۆڤی موسڵماندا، بۆمان دەردەكەوێت كە مرۆڤی موسڵمان:

1- هۆشیار و چاوتیژە:

یەكەم شتێك، كە ئایین لەبڕواداری داوادەكات، ئەوەیە، كە بڕوای تەواوی بەخوا هەبێت و هەردەم ئەوی لەیادبێ و پشتی پێببەستێت و یارمەتی هەرلەو داوابكات و ئەوكاتەی كە هۆكارەكانیش بەكاردەهێنێت، پشت بەخوا ببەستێت، لەناخدا هەمیشە هەست بەوە بكات، كەپێویستی بەتوانا و دەستەلاّتی بێ سنووری خوای گەورە هەیە، بەشیوەیەكی وەها هێندەی ئەم هۆكار بەكاربهێنێت، لەكۆتاییدا هەرهەموویان، پابەندن بە دەستەلاّت و ویستی خوای گەورەوە، لەبەروە دەبینین: موسڵمانی راست، هەردەم بەدڵ وشیار و بەرچاو رۆشن و بەئاگایە لەسەر دروست كراوە كانی خوا و لەومتمانەیەدایە، كە لەودیو راگیر كردنی گەردوونەوە دەستێكی نهێنی مەعنەوی هەیە، كە هەر ئەودەستە پەنهانەیە، ئەم ژیانە و ئەم گەردوونە دەبات بەرێوە، لەبەر ئەوە، دەبینین هەردەم خوای گەورەی لەیادە و هیچ چركە سات و هیچ دیمەنێك و هیچ ساتەوەختێك نییە، كەتیایدا، ئەم خوای لەپێش چاو نەبێت و بەتەواوی لەگەڵ ئەوئایەتەی قورئان نەژی، كەدەفەرموێت: (بەراستی لەدروست كردنی ئاسمانەكان و زەوی و لەجیاوازییەكانی شەو و رۆژدا، بەلّگەی گەورەهەن، بۆ كەسانێك كەخاوەنی عەقڵ و بیركردنەوە و دڵی زیندوبن + ئەوكەسانەی كە هەر دەم یادی خوا دەكەن، بەدانیشتن و بەپاڵ كەوتنەوە، بیر دەكەنەوە لەدروستكردنی ئاسمانەكان و زەوی و دەڵێن: ئەی پەروەردگار ئەم شتانەت لەخۆڕا دروست نەكردووە، ئەی پەروەردگاری پاك و بێ گەرد، لەسزای دۆزەخ بمانپارێزیت)(2).

2- مل كەچی فەرمانی خوایە:

هەردەم بڕوادار مل كەچی فەرمانەكانی خوایە و لەئاستی ئەوسنوورانەی، كەشەرع بۆی دادەنێت، رادەوێستێت و مل كەچ بوونی فەرمانەكانی خوا، ئەگەر لەسەر بنەمای فەرامۆشكردنی خواستەكانی لاشەی خۆیشی بێت جێبەجێیان دەكات، و بەتەواوی گوێڕایەڵی پێغەمبەردەبێت(د.خ) كە دەفەرموێت: (بڕوای هیچ كەسێك لەئێوە، دانامەزرێت، تانەگاتە ئەومتمانەیەی، كەخواست و ئارەزووەكانی خۆی، ملكەچ بكات بۆ ئەو بیرو باوەڕ و پەیامانەی من هێناومن)، لەزوور هەموو فەرمانێكیشەوە خوای گەورە، روو بەپێغەمبەر(د.خ)دەفەرموێت: (سەوگەند بەخوای تۆ، ئەوانەبڕوایان تەواو دانامەزرێت، تا لەكاتی دەم قالّی و ململانێ و رای جیاوازییاندا، تۆنەكەنە سەرپشكی كار و بڕوا و ئاكارەكانیان، دواتریش لەنێو دڵیاندا، هەست بەهیچ نیگەرانی و خەمۆكییەك ناكەن و بەوبڕیارانەی لای تۆوە دەردەچێت رازی دەبن) (3)كە ئەمە ئەوپەڕی خۆ بەدەستەوەدانیتەواوی، بڕوادارە بۆ فەرمانی خوا و پێغەمبەر(د.خ) كە هەرلێرەوە بۆمان دەردەكەوێت، بەهەرنرخێك هەبێت نابێ لەبڕوادارەوە، لاڕێی گرتن بوەشێتەوە.

3- لەئاستی ژێر دەستەکانی، هەست بەبەرپرسیارێتی دەکات:

چونکە دەزانێت هەر لاڕێیی و لادانێك لەهەرتاکێکی ژێر دەستی ئەوەوە ڕوودەدات، ئەم لێی بەرپرسیارە و پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (هەرهەمووتان شوانن و هەرهەمویشتان بەرپرسن لەوانەی، کەئێوە بۆیان بوونەتە شوان).

4 - مل کەچ و ڕازییە بە قەزاوقەدەر.

بڕواداری ڕاست هەردەم ئەم لایەنەرۆحییە فەرامۆش ناکات و دەزانێت، ئەو شتانەی، کەخوا بیەوێ ببن، دەبێ ڕووبدەن و بێنەپێش، کە پێغەمبەر(د.خ)بۆگۆشکردنی بڕواداران دەفەرموێت: (کاروباری موسڵمان زۆر سەیرو جێگەی سەرسوڕمانە، هەمووکارەکانی بۆئەو هەرخێرە، گەربێ و خۆشی و ئاسوودەیی بێتە ڕێ، سوپاسگوزاری خوادەکات و لەئاکامدا بۆئەم بەخێر دەنووسرێت، ئەگەر ناخۆشییەکیشی بێتەرێگە، دانی ئارام بەخۆیدا دەگرێت و ئەمیشی هەربەخێربۆدەنووسرێت)هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: (ئەوکەسانەی، کە تووشی ناخۆشییەك دێن و شەیتان خورپەی دڵیان بۆدروست دەکات، خوایان دێتەوەیاد و دەگەڕێنەوە بۆ لای و یەکسەر بەرچاوڕۆشن دەبن)(4).

5 - هەموو پەژارەی ئەو، ئەوەیە، کەخوای لێ ڕازی بێت:

بڕواداری تەواو لەئەنجامدانی کارەکانیدا هەردەم ئەوفەرموودەیەی پێغەمبەری لەبە رچاوە(د.خ)، کەدەفەرموێت: (هەرکەس بیەوێت خوا لەخۆی ڕازی بکات بەوەی، کەخەڵکی لێ زیزببن، خوای گەورەی لێ ڕازی دەبێت و بێ نیازیشی دەکات لەخەڵکی، بەڵام ئەگەر کەسێك بیەوێت، بەخوالەخۆ زیزکردن، خەڵکی لەخۆی ڕازی بکات، خوای گەورە دەیداتە دەست خەڵکیەوە)،هەرلێرەوە دەبینینین، هەمیشەمرۆڤی بڕوادار لەم لایەنەدا زۆر بەوردی مامەڵەدەکا و هەردەم بیری بەلای ڕازی کرنی خوای گەورەدایە و گوێ بەزیز بوونی خەڵك نادات، ئەوانەی کەدەیان بینین: لەلایەکەوە بڕوادارن و لەنێو مزگەوتەکاندا، خۆبەکەم زان و مل کەچی پەروەردگار نیشان دەدەن و لەهەمان کاتیشدا لەنێوبازاڕ و دوکان و شوێنی کارەکانیاندا، ڕیبا و سوو دەخۆن و خۆیان لەکەڵەکەبازی و دەست بڕین و بەرتیل و گەندەڵی ناپارێزن، ئەوانە دەبێ لە بڕوای خۆیان بەگومان بن و بەخۆدابێنەوە.

پەراوێزەکان:

(شخصية المسلم، كما يصوغها الاسلام في الكتاب والسنة، بقلم محمد علي الهاشمي).

(2)بەشێك لەمانای ئایەتی190 ی سورەتی ئالی عیمران.

(3) بەشێك لەمانای ئایەتی 65 ی سورەتی ئالی ئەلنیسا.

(4)بەشێك لەمانای ئایەتی 201 ی سورەتی ئەلئەعراف.

خەباتی ژمارە (2296)لاپەرەچوار، 10/14/

## کەسایەتی مرۆڤی بڕوادار، وەك ئایینی ئیسلام، دای دەڕێژێت

**بەشی دووەم**

لەبەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا، لەمیانەی باسی پەیوەندییەکانی، مرۆڤی بڕوادار بـە خـواوە، گەیـشتینە ئەوەی کە بڕوادار:

6 - بەباشـی پێداویـستی و پایەوسـوننەتەکان جێبــەجێ دەکــات: وەك کردنـی نوێژەفـەرزەکان و رەچـاوکردنی حوکمــەکانیان و کردنیــان بەجەماعــەت تــابگونجی و زیــاد لەوانــەیش کردنــی نوێــژە سونەتەکان.

7 - زەکاتی ماڵەکەی بەوپێوەرو رێژەیەی بۆی دیاریکراوە دەری دەکات ونازیش ناکات بەسەر هەژاراندا.

8 - گرتنی رۆژوو ی پێویستی مانگی رەمەزان و رەچاوکردنی حوکمە فیقهی و سلوکییەکانی و گـرتنی رۆژووی سوننەت.

9 - حــەج و عــەمرە کردنــی، مــاڵی خــوا بەرەچــاوکردنی هەمووئەحکامەکانیانــەوە و پاراســتنی ئەوسنوورانەوە کەبۆیان دیاری دەکرێت.

10 - بەهەمووەتمانەوبڕوابوون، بەپێویستییانەوە،پەرستشەکان جێبەجێ دەکات.

11 - زۆر وابەستەدەبێت بەخوێندنەوە و لێ وردبوونەوەلەماناکانی قورئان.

**دووهەم: پەیوەندی مرۆڤی بڕوادار بە خۆیەوە**

هەردەم ئایینی ئیـسلام دەیـەوێت بـڕواداران وەك خـاڵێکی جوانی دیـار و درەوشاوەی نموونـەیی بـن، چ لـەئاکار و شـێوازیاندا، چ لەهەڵـسوکەوت و بـەرگ وپۆشـاکیاندا، هەربۆیەکـە، تەنانــەت لەگەشــت و سەفەرێکیش هاتبانایەتەوە، لەدوورەوەی ئاوەدانی، پێغەمبـەر(د.خ) رێنمـایی دەکـردن بـۆ ئـەوەی، بـەر لەچوونە ناوخەڵکی، دەست بەخۆیاندا بهێنن و شێوازێکی ناشیرینیان پێوە نەبینرێت.

**راگرتنی مامناوەدێتی**

ئـایین هـانی شـوێنکەوتووەکانی خـۆی دەدات، کـەئاگایان لـەراگرتنی پێـوەر و ترازووەکانیـان بێـت و رەچاوی ئەوەبکەن، هـەموو لایەنـەکانی پەیوەنـدی بەلاشـە و بەعـەقڵ و بـەرۆح وەك یـەك بایـەخ پـێ بدەن.

**أ - بایەخدان بەلاشە:**

1\هـانی بـڕوادار ئـەدات، کـە مامناوەنـدی بێـت لـەخواردن و خواردنەوەیـدا، و قورئـان دەفـەرموبێت : (بخۆن وبخۆنەوە و زیادەرەوی مەکەن)(1).

2\بایەخ دەدات بەوەرزش کردن، بەوەی کەدەبینین کۆمەڵێك شت هەن خەڵکی دیکە، کەبەدەستیانەوە دەناڵێنن، لە زیادەرەوی کردن لە چێژ وەرگرتن لەحەرام وحـەلاڵ، بـڕوادار خـۆی لێـدەپارێزێ و نـەزۆر دەخوا و نـەزۆر دەخواتـەوە و نـەزۆر دەخـەوێ و نـە هـەردەم تەمبـەڵ دەبـێ، کـە هیوادارم لـەدووتوێی پەرتۆکێکدا زرۆر بەدرێژتر، بەسەر وردەکاری ئەمانەدا بچمەوە ولەوێ بەڵگەکانیش بەفراوانتر بهێنم.

3\بڕوادار هەردەم جلو بەرگ و لاشەی خۆی بەپاکی رادەگرێت، ئەوەتا دەبینین چەندین دەقمـان هـەن کەهانمان دەدەن بۆ ئەوەی، خۆمان لـەخواردنی ئەوشـتانەبپارێزین، کـەبۆنی ناخۆشـیان لێـدێ و ئەگـەر خواردیـشمان خۆمـان لـەوە بپـارێزین، کەبـچنە نێـو کۆڕوکۆمەڵـەوە، بەتایبـەتی مزگـەوت و نێـو سـەفی جەماعەتــەوە، داکــی موســڵمانان عائیــشە(ر.خ) چــەندین جــار باســی ئــەوەی کــردووە، کــە

پێغەمبەر(د.خ)چەند بایەخی داوە بە بۆنی خۆش و تەنانەت بەرلەخەوتن چۆن ددانی بەسیواك پاك دەكردووەتەوە و بۆنی ناخۆشی دەمی خۆی دەبڕی وجل وبەرگی بەخاوێنی رادەگرت و دەیفەرموو: لەكاتی چونتاندا بۆنوێژی جومعە، بەبەرگێكی تایبەتەوە بچن و هانی دەدان لەسەر خۆشۆردن و بۆنی خۆش بەكارهێنان و بی بینیایە كەسێك قژی بژبۆتەوە، پێی چاك دەكرد و دەیفەرموو: ئەوە هیچ نەبوو سەری ئەمكابرای پێ دابمركێننەوە.

4\شێوازی جوان رادەگرێت، عائیشە(ر.خ) دەفەرموێت: ئەگەر كەسێك بهاتایەبۆ سەردانی پێغەمبەر(د.خ)تا دەستی بەسەر و ریشی خۆیدا نەهێنایە و بۆنی خۆشی لەخۆی نەدایە، پێشوازی لێنەدەكرد، خوای گەورە روو بەپێغەمبەر(د.خ)دەفەرموێت: (پێیان بڵێ: باشە كێ ئەوجوانیانەی لەسەر مرۆڤ حەرامكردووە، كە خوای گەورەلەسەر زەویدا دروستی كردوون و بۆ بەندەكانی خۆیی ناردووە و چەندین خواردنی پاكی پێبەخشیون؟)(2) ئەوەندەهەیە، بڕوادار لەئەنجامدانی هەریەك لەم خالأنەدا، رێگەی مامناوەندێتی دەگرێتەبەر و زیادەرەوی، نەبەئەرێی و نەبەنەرێی تێداناكات، پێغەمبەر(دخ) دەفەرموێت: خوای گەورە پێی خۆشە نیشانەی نیعمەتەكانی، بەبەندەكانیەوە ببینرێت و ئەوكاتەی، بەرە و مزگەوت دەچن پەروەردگارداوای ئەوەیان لێدەكات، خۆیان جوان رابگرن و خۆیان بۆئەنجامدانی ئەوپەرستشە برازێننەوە و دەفەرموێت: (ئەی نەوەكانی ئادەم لەكاتی چونتاندا بۆ هەرمزگەوتێك خۆتان جوان بكەن)(3).

ب – بایەخدان بەعەقڵ:

لەپاراستنی عەقڵی بڕواداردا، بایەخێكی زۆر بەوشتانەدەدات كەبۆی دەپارێزن و گەشەی پێدەكەن وەك:

1\ زانست، كە ئایین بەپێویستی دادەنێت و پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: لەدووی زانست وێڵ بوون فەرزی سەرشانی هەربڕوادارێكی نێر، یان مێیە، تەنانەت لەپیاهەڵدانی خوێنەدەواردا قورئان دەفەرموێت: (بەڕاستی ئەوانە لەخوای گەورە، دەترسێن، كەئەهلی زانستن و خوێندەوارن)(4)تەنانەت ئەبوحەنیفە بەوەمانای ئەم ئایەتە لێك دەداتەوە، كە دەفەرموێت: خوای گەورە شەرم لەخوێندەوارەكان دەكات، لەچەندین جێگەی تردا بەوبایەخەوەباس لەزانست دەكات و دەفەرموێت: (پێیان بڵێ: باشە ئەوانەی، كەخوێندەوارن و ئەوانەی، كەنەخوێندەوارن، وەك یەك وەهان؟، كەسانێك بەباشی لەیادی خوا تێدەگەن و شتیان وەبیر دێتەوە كەخاوەنی عەقڵ و عیرفان و دڵی بەئاگان)(5).

2\ لەدووی زانستی وێڵ بوون سنووری نییە و كەسێك نییە مافی فێربوونی هەبێ و كەسێكی دیكە ئەومافەی لێ زەوت بكرێت، كەسەیری قورئان دەكەین و باس لەگۆشكردنی پێغەمبەران دەكات، زۆر بەڕاشكاوی پێمان دەڵێ: (بڵێ ئەی پەروەردگارم زانستم زیادكە)(6)، مێژوو لەمیانەی باسە كانیدا، كەبۆمانی دەگێڕێتەوە، باسمان لە بەدوواداچوونی زۆری زانایان بۆدەكات، بۆزانست و قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەر(د.خ) بەرلەهەر نووسەر و كەسێكی دیكە باسمان لەوەبۆدەكات كە موسا چۆن وێڵ بووە، لەدووی زانست و وە دووی خدركەوتووە و ئەورووداوە، پانتاییەكبی باشی سورەتی كەهفی گرتۆتەوە و بوخاری چەندین فەرموودەی لەسەر هێناوە.

3\دیاریكردنی تایبەتمەندێتی و خۆ تێدا پسپۆڕ كردن، كە بەرلەهەر شت ئەولەویاتی تێدا رەچاودەكەن و لەپێشدا بەزانستەكانی پەیوەیست بەقورئانەوەدەست پێدەكات تابە زانستەكانی تر دەگات.

4\ئەوزانستانەی تایبەتمەندی تێدا پەیدا دەكات، بەبلیمەتی و چاكی وەری دەگرێت و هەردەم لەدووی لێ زیاد كردنی دەبێت.

5\بڕوادار بەیەك لایەنی زانستەوە ناوەستێ و هەوڵدەدات ئاسۆی فراونتر بێت و بەردەوام لەدووی ئەوەدەبێت، کەبەیەك زانست رازی نەبێت و زانستەکانی فەرهەنگی و مەوسوعی بێت، خوێندنەوەی ژیاننامەی کەسایەتییە مێژووییە ئایینیەکان ئەوراستیانە دەردەخات، ماموٚستا مەلا(عەبدولکەریمی مودەریس)ی رەحمەتی، باشترین نموونەی زانستی فەرهەنگییە، لەکاتێکدا کە تەفسیری دەنووسی و بایەخی بەشەرع دەدا دیرۆك و مێژوو و هونەر و ئەدەب و زانستی ئەنسابیشی فەراموٚ نەکردبوو.

6\زیاد لەزمانێك فێر دەبێت و هەوڵی ئەوەدەدات ئاسۆی زمان زانیشی بەرفرەبکات.

ج – لایەنی رۆحی:

1\هەردەم رۆحی بەرززادەگرێت بەبایەخ دانی بێ سنووری بە برەودانی بەپەرستشەکان و قورئان دەفەرموێت: (ئەوانەی کەبڕوادارن، هەرکە دەروونیان کەوتەژێر رکێفی هەندێك لادانەوە، خوایان وەبیردێتەوە و دەبنەوەبەئەهلی تەقوا)(7)

2\هاوڕێ باش دەگرن ولێیا ننزیك دەبنەوە.

3\بەردەوام دوعا وپارانەوەکان لەیاد ناکات.

پەراوێزەکان/:

(1)بەشێك لەمانای ئایەتی 31 ی سورەتی ئەلئەعراف.

(2) بەشێك لەمانای ئایەتی 32 ی سورەتی ئەلئەعراف.

(3)بەشێك لەمانای ئایەتی 31 ی سورەتی ئەلئەعراف.

(4) بەشێك لەمانای ئایەتی 28 ی سورەتی فاتیر.

(5) بەشێك لەمانای ئایەتی 9 ی سورەتی ئەلزومەر.

(6) بەشێك لەمانای ئایەتی 113 ی سورەتی تەها.

(7)بەشێك لەمانای ئایەتی 201 ی سورەتی ئەلئەعراف.

خەباتی ژمارە(2303)21\10\2006لاپەڕەچوار.